# چه ندساتێک له گه ل هو نه رمەند وەیسی گۆرانیبێژ دا......

**ئامادەکردنی:یو سف ئه حمه د مه نتك**




له هه شتاكان ئێمه ده سته يه ك گه نج خه ريكی كاری شا نۆيی بوين، به نده و ئازاد سادق وهه لمه ت تا هير وخه تاب كاروانی وحسێن زا رين ومه هد ی و چه ندانی ترداوا ی لێ بوردنيا ن لێ ده كه م له ناو نه هێنانيان، له و سا تانه دا منيش برا كان و مالی وه يسه م ده ناسی ، وه يسه منالێكی تا بلێ ی هێمن و ئا قل و ده نگ خۆ ش بو، زۆر جاران پێم ده گوت بۆ نا چی له تيپێك گۆ رانی بلێ ی ،به لام له به ر شه رمنی و با رو دۆ خی كۆ مه لا يه تی ئه وكات نه ده چوو،به لام كا تێك دوای چه ند سالێك بۆ يه كه م جا ر بينيم له ته له فزيۆن گۆرانی ده وت زۆر دلخۆشی كردم،له و سه فه ره م دا كه گه ڕامه وه بۆ كور دستان بينيم ده ست خۆ شيم لێ كرد وهيوای به رده واميم بۆ خواست ،چه ند پرسيا رێكم لێ كرد و ئه ويش وه لا می دا يه وه به م شێوه يه ی خواره وه :




پ1 / هو نه ر مه ند وه يسی كێ يه و چۆ ن خۆت ده ناسێنی ؟

و/ من وه يسی محه مه دم سالی 1972 له شاری كه ركوك له دايك بووم،تا ئێستا ئه لبومی سێ گۆ را نيم هه يه به ناوی (ئا خر سه فه ر، مه ستانه،غه ريب و سه رگه ردانم )

پ2/ هۆ نرا وه وئاوازی گۆرانيه كانت چۆن هه لده بژێری ؟

و/ هۆ نراوه كان به پێوه ری ئێستاتيكاواتا (جوانی )هه لده بژێرم به بێ گوێدانه ڕێبازه ئه ده بيه كان ئينجا چ هۆ نراوه ی كۆ ن بن يان نو ێ گرنگ ئه وه يه هۆ نراوه كه جوان بێت، سه با ره ت به ئا وا زيش زۆر جار خۆم ئا وازه كان دا ده نێم هه ندێ جا ريش ئا وازه فۆ لكلۆريه كان ده لێمه وه .

پ3/ تا چه ند ڕازيت به رامبه ر پا راستنی ما فی بلاو كردنه وه ی به رهه مه كانت ؟

و/ما فی به ر هه مه كانمان له با زا ڕی كو ردستاندا پا رێزراو نيه به هيچ شێوه يه ك هۆ يه كه شی ده گه ڕێته وه بۆحكومه تی هه رێم و ئا ستی هۆ شيا ری خه لك .

پ4/ تا چه ند حكو مه ت گرنگی به ژيانی هو نه ر مه ندان ده دا ؟

و/ من نا مه وێ حکو مه ت بمان ژێنێ به لکو ده مه وێ ما فی به رهه مه کانمان به شێوه یه کی یا سایی بپا رێزێ که ئه مه ئه رکی حکومه ته ئه وکا ته ئێمه ده توانین به به رهه مه کانمان بژین و په ره به هو نه ره که شمان بده ین .
پ5/ تا چه ند له ژیا ن و گو زه را نی خۆت له کور دستان ڕا زیت ؟
و/ به هیچ شێوه یه ك به ژیا ن و گو زه را نم ڕازی نیم .
پ6/ گۆ رانی کوردی له چ ئا ستێکدا یه ؟
و/ وه لامی ئه م پرسیا ره لا ی که سێکی ئه کا دیمیه که لێکۆلینه وه یه کی زا نستیا نه ی کر دبێت له سه رئا ستی کوردستانی گه وره به لام وه کو بڕوای خۆم له ئاستێکی زۆر باشی نابینم له چاو زۆر به ی میلله تانی جیهان .
پ7/ چ کا رێك ده که یت بۆ دا بینکردنی بژێوی ژیانت ؟

و/ئێستا له دوا ناوه ند ییه ك ما مۆ ستام به م پیشه یه م به ڕێوه ده چم به لام مانا ی ئه وه نیه که به ڕێوه چونه که م به بێ گر فته به لام نا چارم له وه زیاتر هیچی ترم پێ نا کر ێ .